# ئێتیک و مۆراڵ لەنێوان ئیمبێرتۆ ئیکۆ و ئالان بادیۆدا

**سەرەتا:**

فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە پرسیارە ئێتیکی و مۆراڵییەکانی کردووە بە بابەتی خۆی و کەڵی لە فەیلەسوفە ناودارەکانی ڕۆژئاوا لەمڕووەوە بەرهەمیوونە. لەم نووسینەدا ئیرامانی خۆمان لەبارەی دوو بەرهەمی فەلسەفی دوو بیرمەندی ناسراوی ڕۆژئاوا گفتوگۆ دەکەین. کتێبی یەکەم چەند وانەیەکە لەمەڕ مۆراڵ لە نووسینی ئیمبێرتۆ ئیکۆیە، کە هزرەڤان و ڕۆمانووس و سیمیۆلۆژی ئیتاڵییە و ئەوی تریان کتێبێکە تایبەت بە ئێتیک لە نووسینی ئالان بادیۆ کە بیرمەند و ڕووناکبیری فەڕەنسییە.



ئیمبێرتۆ ئیکۆ

د. ئازاد حەمە

**ئۆمبێرتۆ ئێکۆ**

**وانە لەمەڕ مۆڕاڵ**

ئۆمبێرتۆ ئێکۆ Umberto Eco (1932) بیرمەند و ڕۆمانووس و سیمیۆلۆژی ئیتاڵییە،پاش ڕۆمانی «بەناوی ڕۆزا» ناوی بەجیهاندا بڵاوبووەوە و دوای نووسینی تێزی دکتۆراکەشی لەسەر « کێشەی جوانکاری لای تۆماس ئاکوینی» شوێنی لە تیوەندی ئەکادیمی ئیتاڵی بەرچاوبیوو، بەپێی ئەو قسانەی لەسەر ئەزموونی ڕۆمانووسی و توێژینەوەکانی ئەم ڕووناکبیرە ئیتاڵییە دەکرێن، دەرکەوتووە ئێکۆ لەنێو نووسەر و ڕووناکبیرانی ئیتاڵی کاریگەری لە دوو بواردا بە چاکی داناوە لەلای لە بواری ڕۆمانی هاوچەرخی ئیتاڵی و لەلایکی ترەوە لە بواری سیمیۆنیک و ڕەخنەی نوێ.

ئەم کتیبەی (1) ئۆمبێرتۆ ئێکۆ خۆی وەک چەند وانەیک لەمەڕ ڕەوشت (مۆڕاڵ ) نیشاندەدا، کە لەچەند بارودۆخی جیاوازدا نووسراون: شەڕی کەنداوی 1991 (شەڕی کوێت)، شەڕی کۆسۆڤۆی 1999، ئەو هێرشە تیرۆریانەی لەناوەوە دەکرانە سەر ئەمەریکا و لەئێمەنە گەلێ وانەی مۆڕاڵی تریش وەک: من و ئەویتر، دۆزی ڕۆژنامەگەری، لێبووردەیی و نائێبووردەیی، بەهۆی ئەوەی بەشێ لە وانەکان لە ڕوانگەی ڕەوشتییەوە قسە لە دوو شەڕی گەرم دەکەن و خودی شەڕەکانیش ڕۆژێ لە ڕۆژان گەلێکمانی بەئاکامەکانیەوە سەرقاڵکردبوو، گرنگە مرۆڤ بە هەستیارییەوە مامەڵە لەنەک هەڵوێستە هزرییەکانی ئێکۆ بکات. لەم ڕوانگەیەوە دەتێین ئێکۆ هەرگیز پێیوانیە دەشێ بۆئەوە بچین شەڕ شتێ ماقووڵە، گشت ئەوانەش کە ڕوویانداوە (شەڕ و هاوشێوەکانی) : کەناویاندەبات بە تراژیدیا، کاریوایانەکردوە ئێکۆ بێلایەنی هەڵبژێرێ هەروەک بەشێ لە ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوا ئەوەیانکرد تەنانەت بەلاشیەوە گرنگە لە ناسنامەی ئەو تەختە بیدەنگە بپرسین، داوای هەڵوێستیان لێدەکرا، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی هەندێ هەڵوێستیان وەرگرت ، لەئێمەنە هەڵوێستی هەڵە و دواتریش بە فاشی و لایەنگر بۆ عەرەبیش ناوانبارکران. باس لەو دۆزەش دەکات چۆن ڕۆشنبیران بوون بە دوو گەرنەوە: داکۆکی لە جەنگ و داکۆکی لە ئاشتی، هەروەها ئەوەش کە ڕۆشنبیرەکان کە تێگەیشتنی نایەنی خۆیان بۆ ڕاستی هەیە و ئەرکیان ڕەخنەکردنە بە هەڵچوونەوە ناڕوانە ڕووداوەکات و مەیلیشان بۆ ئەو شتەیە کە گومڕایە و لەوەش وردەدینەوە کە بەهەڵەتێگەیشتن دروستدەکات. بەبۆچوونی ئێکۆ ڕۆشنبیر کاری ئەوەشە ڕەخنە لە هاوڕێکانی (دەوروبەری) بگرێ و بێدەنگی هەڵنەبژێرێ و ئەرکی ڕۆشنبیریش لە ڕەوشت جیاناکرێتەوە بەڵام پراکتیزەکردنەکەی ئەو شتە ڕەوشتیە شتێ هەڵبژاردەیە زۆرجاریش ڕۆشنبیر پەنا بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کێشەدەبات کە ڕەنگە چارەسەری نەبێ. ئێکۆ تەنانەت بێدەنگی ڕۆشنبیریش بە هەڵبژاردەیێ ڕەوشتی دەزانێ، چونکە ئەم ڕۆشنبیرە تێگەیشتنی نایەنی بۆ ڕاستی هەیە.

وێڕای ئەوە، ئۆمبێرتۆ ئێکۆ پێگیری لەوەشدەکات کە پرینسیپە ڕەوشتییەکان گەردوونایین و، جەنگیش هیچکات بێ ئەو کەموکوڕیانە نابێ کە پێشبینیناکرێن. جەخت لەوەشدەکات کە جەنگ ،کە لەئێستایا ڕۆشنبیران ڕوونکردنەوەی زۆریان لەبارەیەوە داوە، ناتوانێ وەک لەمەوبەر وەک شتێ باش تەماشاکرێ تەمەو تۆزێکی جەنگ خۆی لە پرینسیپی بردنەوە و ژێرخستنی دوژمنیش چڕدەکانەوە.

ئەوەشمان بیردەخانەوە کە جەنگ بریتیە لە یارییەکی خۆ ویرانکردن و پێپلەسەرنەوەش دادەگرێ، کە ئەرکی ڕۆشنبیریشە بەئەستەمکردنی جەنگ. گەر ڕۆشنبیران سەبارەت بە جەنگ بێدەنگ بووبێتن لەترسی ئەوەی نەبا بانگەشە بۆ بۆچوونی پەلە لە ڕۆژنامەوانی دا پێکەن، بەبۆچوونی ئێکۆ هۆیەکەی بۆئەوەدەگەڕێتەوە کە ڕۆژنامەوانی بەشێکە لە جەنگ و ناشێ مامەڵەیی لەوێوێ لەنەکدابکرێ کە بێلایەنە.

هەر نابیەت بە جەنگ نموونە لەسەر ئیتاڵیاش دێنێتەوە، کە لە دەمووەختی جەنگ و لە شوێنی وەک ئیتاڵیا دیاردەی بەرهەڵستکاری مانای لە رووبەڕووبوونەوەی فاشیزمدا هەبووە. ئەگەرچی ئێکۆ وبەنی لە شوێنی وەک ئیتاڵیا گەلێ پێیانوابووە بەرهەڵستکاری ئەفسانەی کۆمۆنیستانەبووەو کۆمۆنیستەکانیش بەرهەڵستکارییان بۆ مەبەستی خۆیان بەکاربردووەو وەک خاوەندارێی نابیەنی خۆشیان تەماشایانکردووە، بەڵام ئێکۆ واشیۆدەچێ، کە بەرهەڵستکاری لە ئیتاڵیا ڕەنگێنریشی لەخۆگرتبوو. ئێکۆ لەوباوەڕەدایە، کە ئێستا لە ئیتاڵیا هەن پێیانوایە ماوەی شەڕی ڕزگاری ماوەی ترازیدی بووە، چونکە ئەو جۆرە شەڕە کۆمەڵگەی کردە چەند بەشێکەوە ئەمەش وادەکات خەڵک لەوباوەڕەدابن ئێستا کۆمەڵگە، پێویستی بە ڕێکەوتنی نیشتیمانییە، بەڵام ئێکۆ لەبری ئەو جۆرە بینینانە تێگەیشتنێکی تری هەیە و پێیوایە پێویستە لەمجۆرە بیرەوەریە ترسناکانە دەرباز مانبێ. تەنانەت ئەگەر ڕێکەوتن بەمانای ڕێزگرتنیش بێ لەوکەسانەی بە ڕاستگۆیەوە دژ بە جەنگ تێکۆشاون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێبووردن بە مانای لەبیرکردن نایەت. ئاماژە بۆئەوەش دەکات کە ئەو ڕژێمە تۆتالیتاریانەی پێش جەنگی جیهانی دوو حوکمی ئەوروپایان دەکرد جارێکی تر و لە چوارچێوەی هەل و مەرجی مێژووی جیاوازەوە دووبارە ئامادەبوونەوە.

کاتێ پێناسەی تۆتالیتاریەتیش دەکات دەڵێ تۆتالیتاریەت بریتییە لەو ڕژێمەی گشت کردەیێکی تاک بە دەوڵــەت و ئایدیۆلۆژیاکەی دەبەستێتەوە لەمبارەشەوە نازیزم و ستالینیزم دەکرێ دوو نموونە بن لەسەر ئەو جۆرە ڕژێمە.

لەم حاڵەتەدا فاشیزم لە نازیزم و ستالینیزم جیادەکانەوە، چونکە ئێکۆ وای بۆدەچێ کە فاشیزم فەلسەفەی ئایدیۆلۆژی نابیەت بەخۆی نییە. دان بەوەشدەنێ کە فاشیزم ڕژێمێکی دیکتاتۆری بووە لێ هەرگیز تۆتالیتاری نەبووە. ئێکۆ هێما بۆ ئەوەشدەکات، کە فاشیزمی


ئالان بادیۆ

ئیتاڵی (ڕژێمی مۆسۆلینی) یەکەم ڕژێمی دیکتاتۆری بووە لە ئەوروپا کە دروشمی سیاسی و فۆلکلۆری، نەتانەت جلوبەرگی تایبەت بە خۆی، داهێناوە. پێشیوایە هەر فاشیزمی ئیتاڵی بوو قەناعەتی بە سەرۆکە لیبراڵە ئەوروپاییەکان هێنا کە سیستەمی نوێ لەسەر بناغەی ڕیفۆرمی ئابووری دەتوانێ ئەلتەرنەتیڤی شۆڕشگێڕانە بێ دژبە هەڕەشەی کۆمۆنیزم. ئەوەی بۆ ئیکۆ گرنگە جەختی لەسەر کات ئەوەیە، فاشیزم ناوەڕۆک یان فەلسەفەی دیاریکراوی نەبووە، گشت ئەوەی هەیبووە بریتیبووە لە دەستەی تۆتالیتاری گومڕا. ئیکۆ بۆئەوەی وێنەیەکمان لەسەر فاشیزم بداتێ، بۆئەوەی ئەو وێنە هەڵبژێرەی و کۆکتێلەی فاشیزم لەخۆیدا بەرجەستەیکردووە ڕوونکاتەوە باس لە خەسڵەتەکانی فاشیزمی بنەچەیی و هەمیشەیی دەکات، کە گەلێ خەسڵەتی بەرچاوی ڕیشەیی هەیە، کە ڕەنگە گشت ئەو خەسڵەتانەش لەیەک ڕژێمی فاشیدا کۆنەبێتەوە، بەڵام خەسڵەتەکان کە لە فەشیزمی بنەچەیی و هەمیشەیدا کۆدەبنەوە ئەمانەن: پەرستنی کەلەپوور، وانە نەریتیبوون.

لەگەڵ ئەوەشا فاشیزم نەریتییە، هەروەک نازیەکان،لێ جیهان و تەکنەلۆژیای نوێ ڕەتناکاتەوە. فاشیزم وانە ناڕاسیۆنالیزم (ناعەقلانیەت) چونکە بۆ فاشیزم کردە پێش بیرکردنەوە دەکەوێ. بۆنموونە: بیکە و بیرمەکەرەوە، هەروەها کردە لەپێناوی کردە. بۆ فاشیزم ڕۆشنبیری شتێ گومانلێکراوە، چونکە هەمیشە گرێدەدرێتەوە بە هەڵوێستی

**ئەوەی بۆ ئیکۆ گرنگە جەختی لەسەرکات ئەوەیە، فاشیزم ناوەڕۆک یان فەلسەفەی دیاریکراوی نەبووە، گشت ئەوەی هەیبووە بریتیبووە لە دەستەی تۆتالیتاری گومڕا**

ڕەخنەی (هەروەک گۆبلز دەیوت: کاتێ گوێم لە پەیڤی ڕۆشنبیری دەبێ دەمانچەکەم دەردێنم). ئیکۆ هێما بۆئەوەش دەکات، کە بۆ فاشیستەکان وانای ڕۆشنبیر هەمیشە ئەمانەی گەیاندووە: ڕۆشنبیر پیسە،سەرچڵی زانکۆکانن، مەکۆی کۆمۆنیستەکانن و... بۆیە سڵکردنەوە لە ڕۆشنبیر یەکێکبووە لە خەسڵەتەکانی فاشیستەکان. بۆ فاشیستەکان ئەو کەسە ڕۆشنبیرە کە لە شتە نەریتیەکان دوورنەکەوێتەوە. جیاوازی کە بەرگەی ڕەخنە دەگرێ، ئەمە لە فاشیزمدا نەبووە. جیاوازی کە نیشانەیە لەسەر ئازەگەری و ئامرازی زانینە بۆ فاشیزم هەرسنەکراوە، چونکە فاشیزم پێیوابووە جیاوازی خیانەتە. لەبەرئەوەی فاشیزم دژە جیاوازی بووە دژی جۆراوجۆریش بووە، بۆیە ئەم فاشیزمە، وانە فاشیزمی

ڕیشەی، دژە بێگانەیە بەوانایەکی تر، فاشیزمی ڕاستەقینە ، یان ڕیشەی، ڕەگەزپەرستە. ئەوەی کە جیاوازیش بەرگەی ڕەخنە دەگرێ ئەم لایەنە لە فاشیزمدا نەبووە.

هەربۆیشە فاشیزم دژە بێگانەیە، کەوانە فاشیزمی ڕاستەقینە ڕەگەزپەرستە، هەروەها فاشیزمی ڕاستەقینە دەنگی چەپێنراوەکانە، ئەمەش وایکردووە فاشیزم ئەوانە لەخۆبگرێکانەوە چەوساوە و پەراوێزن و ،زەرەرمەندی دەستی کێشە ئابووری و زوڵمە سیاسییەکانن. ئەوانەش کە هیچ ناسنامەی کۆمەڵایەتییان نییە، فاشیزم بەڵێنی ئەوەیان دەداتێ، کە ڕۆڵەی هەمان نیشتیمانن. ئەمەو لەبەرئەوەی دوژمنەکان ئاگە کەسێکن ناسنامە بە نەتەوە دەدەن ئەمە وادەکات، سەرچاوەی سایکۆلۆژیای فاشیزم بریتیبێت لە ئارەزووی موئامەرە، لەبەرئەوە بەزۆریش موئامەری نێودەوڵەتی. ئەمەش بۆئەوەی دەستوپێوەندەکان هەستبەوەبکەن گەمارۆدراون، بۆئەوەی ئەم موئامەرەیەش ئاشکراکرێ پێویستە ڕق ئەوەیتر بڕسکێ، پێویستە سەرچاوەی ئەم موئامەرەیەش ناوەوە بێ و بۆ ئەو مەبەستەش دەشێ جووەکان بێ کە لەناوەوە و دەرەوە پشتیان هەیە، هەروەها دەستوپێوەندەکە پێویستە لەبەردەم دەوڵەمەندی دوژمن هەست بە کەمی بکەن، چونکە جوەکان دەوڵەمەندن و لەناویەکیشدا باشن، بۆیە سەرکەوتنی فاشیزم ئەستەمە. لە دیدی هیچ فاشیزمی ئەسڵ شتێ نییە بەناوی ململانێ، کەوانە بۆ فاشیستەکان ژیان لە خودی خۆیدا ململانێ نییە. ئاشتیخوازیش

ڕێکەوتنە لەنەک دوژمن، ئەمەش ئاڕاستەی خراپە، چونکە ژیان بریتیە لە جەنگی بەردەوام. وابپێویستیش دەکات شەڕی بەردەوام هەبێ تا دوژمن ژێرکەوێ و ئەمەش وادەکات شەڕ بێ بە شتی هەمیشەیی تا بزووتنەوەی فاشیزم دەستبەسەر گشت جیهاندا بگرێ. ئیکۆ ئاماژە بۆئەوەشدەکات کە دەستەبژێری ڕوخساری جۆری ئایدیۆلۆژی کۆنەپەرستییە، چونکە لە قووڵایدا ئەرستۆکرانییە. لە مێژووشدا گشت ئاڕاستە دەستەبژێرییە ئەرستۆکرانی و سەربازییەکان، ڕقیان لە لانەوازەکان بووە.هیچ کات فاشیزم دەستبەرداری دەستەبژێری گەلی نابێ.

بەپێی فاشیزم گشت هاووڵاتییک سەربە گەلێکە لە جیهاندا و ئەندامەکانی پارتیش(پارتی فاشی)، باشترین هاوڵاتی جیهانن و هەموو هاووڵاتییکیش دەتوانێ بێتە ڕیزی پارتەوە. ئیکۆ دەستبۆ ئەو لایەنەش دەبات کە جوامێرەکان بوونیان نییە گەر زۆرینەیێکی لاواز و لانەواز بوونیان نەبێ، بۆیە ڕابەرەکان خۆیان لەناو ئەو جۆرە کەسانە بێ پێشبڕکێ دەبیننەوە. بەپێی ئەم بۆچوونە فاشیەبێ هەموو هاووڵاتییک بۆئەوە پەروەردەدەکرێ، کە ببێ بە قارەمان. بوون بە قارەمان ناکە پێوانەیێکە لەناو ئایدیلۆژیای فاشیزم دا.مەزنکردنی قارەمانی مەزنکردنی مەرگەر، بۆیە شتی ڕێکەوت نییە کە یەکێ لە دروشمەکانی فاشیزم بێ بە «بژی مەرگ». قارەمانە فاشیەکان ئاواتەخوازن بمرن، پەلەی مەرگیانە، چونکە جوانترین دیارییە بۆ ژیانی قارەمانییان. بەپێی ئەوەی شەڕی هەمیشەیی و قارەمانیەتی

**قارەمانە فاشییەکان ئاواتەخوازن بمرن. پەلەی مەرگیانە. چونکە جوانترین دیارییە بۆ ژیانی قارەمانییان. بەپێی ئەوەی شەڕی هەمیشەیی و قارەمانیەتی دوو یارین پراکتیزەکردنیان بەبەردەوام ئەستەمە**

دوو یارین پراکتیزەکردنیان بەبەردەوام ئەستەمە، چونکە فاشی ویستی هێزی بۆ مەسەلەی سێکسی دەگوازێ.

لێرەوە یاری گاڵتەپێکردنی فاشی بە ئافرەت دەستپێدەکات، چونکە بۆ فاشی چەک شوێنی ئافرەت دەگرێتەوە، هەروەها فاشیەکان پێیانوایە ئاکەکان بێ مافن و گوزارەش لە ویستی گشتی دەکەن. وانە ئاکەکان بەسەریەکەوە گەل پێکدێنن، هەر ئەمانیشن گوزارە لە ویستی گشتی دەکەن. زۆرینە لەناو سیستەمی فاشی کە ڕۆڵی گەل دەبینن، گەل تەنیا لە یاریی شانۆکارانەدا ئەم ڕۆڵە دەبینن، چونکە ئەوەی لەناو ئەم سیستەمە گرنگە گەل نییە، بەڵکو زەعیمە، ئەو زەعیمەی قسەکەرە بەناوی گەلەوە. بەپێی ئەوەی فاشیزم بریتیە لە گەلێ

جۆری ئەمە، وادەکات فاشیزم گاڵتەی بە سیستەی پەرلەمانی بێ. بەبۆچوونی فاشیزم پەرلەمان گوزارە لە دەنگی گەل ناکات. گشت ئەو ئاوەڵناوانەش کە لایسەرەوە خسترانەڕوو، بەبۆچوونی ئیکۆ ئاوەڵناوی فاشیزمی ئەسڵن، ئەم جۆرە فاشیزمە هەمیشە لەناوماندا ئامادەیە و دەشتوانێ سەرهەڵدا، کەوانە بە داکەوتنی فاشیزمی ناوبراو لە ئیتاڵیا و دەستگیربوونی مۆسۆلینی ئەوجۆرە فاشیزمە کۆتای نەهاتووە.بەبۆچوونی ئیکۆ ئەمجۆرە فاشیزمە هەمیشە مەترسیکە.

دواتر ئیکۆ دێتە سەر پرسیارە ڕەوشتییەکان لەپێوەندی بە ئاین و ڕەفتار و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە و جەخت لەوەدەکات چەند جۆرە دینداریێک هەیە، لەکاتێکدا دەکرێ باوەڕیشمان بە خوایێ دیاریکراو و ئاسمانی نەبێ پێیشیوایە لەئێستادا هەندێ مەسەلەی ڕەوشتی خۆی کەمتر ڕووننیشاندەدا، بەتاییەت کۆمەڵێ واتای هاوبەش لەنێوان مرۆڤەکاندا، ڕۆشنبیرییە جیاکاندا، هەن و لەڕێگای زمانە جیاکانەوە گوزارەیان لێدەکرێ. سەرباری ئەوە ئیکۆ لەگەڵ ئەوەشدایە خاوەنی دیدی ڕەوشتی بێن و بینینی خۆمان بۆ ئیمانداری و عیلمانی هەبێ. بەپێی وتنی ئەم بیرمەندە ئیتاڵییە ،بۆئەوەی ئەم دیدەمان هەبێ پێویستمان بەوەیە ڕێز لە مافی جەستەی ئەویتر و، مافی ئەویتر لە ئاخاوتن و بیرکردنەوە بگرین. هاووەخت ئیکۆ لەو باوەڕەدایە گەر ئەم مافانە باووباپیرانمان بیانگرتایە گەلێ قەتلوعام ڕوینەدەدا (کۆمەڵکوژییەکان، کوشتارەکان لە بۆسنییە و...).گومان لەوەش

ناکات، کە ئامادەبوونی ڕەهەندی ڕەوشتی پێوەندی بە دەرکەوتنی ئەویترەوە هەیە. دەشپرسێ چۆن ڕۆشنبیریەکان ئیدەگەڕێن کۆمەڵکوژی و بەربەریەت و قێزەوەنکردنی جەستە بێنەپراکتیک؟ ئێکۆ پێیوایە ئەمە لەبەرئەوەیە چەمکی ئەویتر لە بازنەی خێڵ گیربووە. وێرای ئەوە ئێکۆ باوەڕی بە بناغە ڕەهاکانی ڕەوشتیش نییە و پێیوایە ناتوانێت ئەو بناغانە لەبەردەم باوەڕدارەکانیش ڕێگرنیین تا هەڵە نەکەن و پێشیوایە غەریزەی خراپە لای ئەوانەش ئامادەیە کە تێگەیشتنی ئاینییان بۆ باشە هەیە.

ئیرەوە ئێکۆ دەگات بەو بینینەی کە جیاوازی لەنێوان ئەو کەسەی باوەڕی بە خواوەندی ترانسندنتاڵ و ئەوەش کە باوەڕی پێنییە بوونی نییە. ئەو تێگەیشتنە ڕەوشتییەی ئێکۆ سپینۆزاشمان بیردەخاتەوە، کە پێیوایە خوا هۆیەکە لەخودی خۆیدا. ئێکۆ واشیدەبینێ کە ئەم خواوەندە سپینۆزاییە نە ترانسندنتاڵە و نە کەسی بەس بوونی مادەی گەردوونای گەورە، ڕۆژێ لەڕۆژان قوونماندەدا، ئێ دەتوانێ دیدێکمان بۆ باشە و ئیروردەی تیا بسازێنێ. ئەوەش کە پێیدەڵێن ژیان، پاش مەرگ بەبۆچوونی ئێکۆ ناشێ تەنیا وەک گریمانێکی میتافیزیکی ببینرێ، بەڵکو وەک تەنازوڵی شەرمنانە بۆ هیوایێک کە ئێمانابێتەوە.

**ئالان بادیو**

**لێلیک: سەرولار لەمەر لێگەیشتنی خراپە**

گەشتی فەلسەفی ئالان بادیو Alain Badiou لەگەڵ تێپەڕاندنی 75 ساڵ لە تەمەن، هێشتا هەر لە شەقەی باڵ دەدا و هەرجارە و لە جێگەیەک ئۆقرەدەگرێ.

بەدڵنیایشەوە ئەم ئۆقرەگرتنە هەرکانە و بەبیانوێک دەبێت بە بیانوی ماقووڵ و هەستیاریی فەلسەفی و سیاسی وێنادەکات. نوێژینەوەکانی بادیو هەمیشە مەشقکردنی هزریان ئێوەبەدیدەکرێ و بەشی زۆر لە خوێنەرانی خۆشی دووچاری خورپەی فەلسەفی و بیرباری دەکات، ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوەی بادیو کارلەسەر بەچۆکدادانی ئەو دید و بیرۆکە فەلسەفی و سیاسیانە دەکات، کە گۆڕەپانی هزری ڕۆژئاوایان لەنێوەنەوە و لەمیانەی ئەوەشەوە هاوخەمی خۆی بۆ ئەو کێشە و مەینەتییانە نیشاندەدا بەرۆکی هەردوو پۆلی فەلسەفە و سیاسەت دەگرنەوە. ئەوانەش لە هزری بادیو گفتوگۆئامێزی شکنابەن، ناتوانن مەیلیان بۆ ئێخوێندنەوەی کارە فەلسەفیەکانی هەبێ و خۆیان بە هاوهەڵوێستی تەندێشە بەربڵاوەکانی بزانن.

ئالان بادیو وەک فیگورێکی دیاری دونیای هزرەڤانی فەڕەنسی هاوچەرخ،ڕیشەی بیرکردنەوە سیاسیەکانی سەرەتا ماوی و دواتر پۆست ماوی بووە و ئێستاش کار بۆ خوڵقانی «سیاسەتی بێ حیزب»، «سیاسەت بەبێ دەوڵەت و سیاسەتی



ویگنشتاین

ئەنتی پەرئەمانیش» دەکات، جگەلەوەی لە نووسینە فەلسەفییە سیاسییەکانیدا لە گفتووگۆیی فەلسەفی و سیاسییانەدایە لەگەڵ مارکس لێ ئەمەیان بەزۆری لەمیانەی لێخوێندنەوەکانی بۆ هزری لوی ئالتۆسێر بەئاکامدەگەیێنێ و تێزی سیاسی جۆراوجۆریشی لێهەڵدەهێنجێنێ و، گەلێ لە بیرمەندەکانی ڕۆژئاواش بە «ئەنتی فەلسەفە» دەزانێت و لەپێش هەمووشیانەوە سانت پۆڵ Saint paul ،نیچە، ڤیتگنشتاین و کیرکەگۆرد و پاسکاڵ و ...بایەخێ زۆریش بە فەلسەفەی ئەفلاتون و شیکردنەوەی دەروونی لاکان و دۆلۆز و لاکریتیوس دەدات و، دوژمنی سەرسەختی «فەیلەسوفە سوفستایەکانیشە» ، بەقەولی خۆی: ڤیتگنشتاین ، دێریدا، لیوتار و... ،

بیرمانەچێت ئالان بادیو لە پەیوەندی فەلسەفی و هزری چ فەرەنسی و چ ڕۆژئاوای ناوی بە چەند تێزێکەوە دەلکێ،هەریەک لەو تێزانەش مانای خۆیان بۆ وناری فەلسەفی ڕۆژئاوای هەیە و جۆرە گەڕانەوەی ئێپستمۆلۆژیشن بۆ ئەو گفتوگۆ فەلسەفیانەی لەئێستا لەلایەن گەلێ لە فەیلەسوفانەوە خەمیان بەپێی پێویست ناخورێ، یان کەوتوونەتە زۆنی لەبیرچوونەوەوە، بەشێ لەو تێزانەش بریتین لە: ئەنتی ئەفلاتوونی، ئەنتی نیچە، ئەنتی پۆست مۆدێرن، گەشەدان بە تیۆری خود، هێچنەبێ ئەم لایەنە ئەفلایەکە لەلایەن بادیوەوە بۆ نوێکردنەوەی گفتوگۆ لەسەر دیکارت و شوێنی دیکارت لە فەلسەفەی فەرەنسی و ڕۆژئاوا، گەڕانەوە بۆ فرۆید لە ڕێگای ژاک لاکانەوە، یاخود ڕۆشنایی خستنەسەر تیۆری خود لای لاکان و سەرنجدانە شیعرگەرایی شاعیرە بووناویەکان، یان شاعیرە هزرەڤانەکان، وەک هۆڵدرلین، پێسوا، مالارمێ، سیلان و..،لەوانەش سەرتر دروستکردنی پردێ لەنێوان فەلسەفە و بیرکاری(ڕیازیات،ماتماتیک)، ئەڵبەتە فەلسەفە و ئۆنتۆلۆژیاش، دواتر سیاسەت و فەلسەفە.

سەرباری ئەوەی وێرا، ئالان بادیو بە تێزە فەلسەفیەکانی ڕووبەڕووی نەوەیەک لە فەیلەسوفانی هاوچەرخی فەرەنسی دەبێتەوە. لە نووسینەکانیدا خۆی وەک داکۆکیکەر لە ئەفلاتون و دژە پۆست مۆدێرن و خوێنەرێکی بلیمەتانەی ژاک لاکان، سارتەر و لوی ئالتۆسێر نیشاندەدات. ئەڵبەتە ئەم بیرمەندە فەرەنسییە وابەستەشە بە تیۆری ماتماتیک (بیرکاری) و لەژێرکاریگەری تیۆری بیرکاری کۆهێن Cohen و کانتۆر Cantor پەیوەندیی بەهێز لەنێوان هزری فەلسەفی و بیرکاریدا بوونیاددەنێت، ئەمەش سەرچاوە لەو سێرکردنە فەلسەفیە بادیوییانەوە هەڵدەگرێت، کە بیرکاری فۆڕمێکە لە هزر.

ئەمەو ئالان بادیو لە ئێستادا پێگەیەکی بنەوەی لەناو وناری فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی



هەیە و سەرەتاکانیشی لە دونیای فەلسەفەی ناوبراو بۆ سالانی 1960 ەکان دەگەڕێنەوە، ئەو کاتەی بە نووسینی ماتماتیکتامیز (بیرکاریتامیز) ، «دەروازەی مودێرن: دەروازە بۆ ئیپستمۆلۆژیایەکی ماتریالیستی بۆ بیرکاری» جێی خۆی لەناو دونیای ناوبراو قایمدەکات و هاوکات لەو دەمەدا سەرقاڵی ئیگەیشتنە سیاسییەکانی ماو، دوای پۆست ماوی دەبێ و هەر لەو وەختەش شۆڕشی قوتابیان لە 1968 لە پاریس لە دەرکەوتن دا دەبێ و بادیوش دەبێ بە یەکێ لە چالاکەوانە سیاسیەکانی گۆڕەپانەکانی پاریس و وردە وردە دێتەگۆ لەبارەی خود و گەشتی ئەم خودە لە جیهانی سیاسی و ژیانی حزبیدا.

لە ئەمڕۆدا ئالان بادیو پشکی چاکی لە فەلسەفەی فەرەنسی هەیە و بکەری فەلسەفی دیاری ناو فەلسەفەی کۆنتینیتاڵە و بەپێچەوانەی هاونەوەکانی لە 1960 کان ،کە گرنگیان بە فەلسەفەی شیکردنەوەی نەداوە، ئەو گفتوگۆ فەلسەفیانە بەئاگایە لە نێوەندی فەلسەفی ئەنگلۆ ئەمەریکی تایبەت بە لۆژیک و زمانەوانی کراون. بەتێگەیشتنی تر، فەیلەسوفە فەرەنسییەکانی سەردەمی بادیو ،ئەڵبەتە ئیپستمۆلۆژەکانی لێدەرچن، ئەوەندە بایەخیان بە فەلسەفەی ماتماتیک و لۆژیک نەداوە و زیاتر بە سیاسەت و بە ئەدەب و بە شیکردنەوەی دەروونی و مێژوویەوە سەرگەرمبوونە.

وێڕای ئەوە، ئالان بادیو لە توێژینەوە فەلسەفییەکانیدا ڕەخنەگرێکی توندە لە

**ئالان بادیو هەنووکە لە نەخشەی هزری فەلسەفی ڕۆژئاوا شوێنێ دیاری هەیە و بە تێزە فەلسەفییەکانی کاریگەری لەسەر گفتووگۆ هزریەکان بە وردی داناوە**

دیموکراسی هاوچەرخی ڕۆژئاوا و لەژێرکاریگەری ژاک لاکان تیۆری تایبەت بە خۆشەویستی لە کۆمەڵگەی نوێی ڕۆژئاوا نمایش دەکات و زەمینەسازیش بۆ داکۆکی لە فەلسەفە لەئێستا دەکات و، تێگەیشتنگەلی کاریگەرئامێزیشی لەبواری گفتووگۆی سیاسی هاوچەرخ لەسەر تیمای جەنگ دژ بە تیرۆریزم، دیموکراسیەت، خیانەت یان گەندەڵی وەک بەدی وروژاندووە و بەمەش وەرچەرخاندنی چاکی لە فەلسەفەی کۆمەلایەتی تازەی فەرەنسی کردووە. ئەڵبەتە بادیو بەئاگاشە لە چرکە سیاسیەکان و بیرکاری وەک ئاشکراکەری ڕیالیتی دەبینێ و، بوون، ڕووداو، ڕاستی و خودیش لەو چەمکە فەلسەفیانەن لە هزری بادیو دا مانای خۆیانیان هەیە. هاوکاتیش دژی بیرۆکەی پاپانە، چەپی رادیکاڵە و ڕەخنەی

فەلسەفەی ڕەوشتی کانت و لێڤیناسیش دەکات و، یەکێکیشبووە لە ئاپاریەکانی 68 ی پاریس و داکۆکیکەریشە لە ئیدیای کۆمۆنیزم.

لەهەمانکاتدا ئالان بادیو هەنووکە لە نەخشەی هزری فەلسەفی ڕۆژئاوا شوێنێ دیاری هەیە و بە تێزە فەلسەفییەکانی کاریگەری لەسەر گفتووگۆ حزریەکان بە وردی داناوە.ناوبراو بێهیچ سڵەمینەوەیەک یەکێکە لە سەرچاوە دیارەکانی بیری فەلسەفی ئەنتی پۆست مۆدێرن و ڕەخنەی توندی دێریدا و لیوتار و فاتیمۆ و سەرچاوە فەلسەفیەکەشیان (واتە نیچە) دەکات و ئاگاییی چاکیشی لەسەر فەلسەفەی شیکردنەوەی ئەنگلۆئەمەریکی هەیە و ،ڕەنگە تاکە بیرمەندێکیش بێ لەناو نەوەی خۆی، لەپاش فەیلەسوفانی زانستی فەرەنسی وەک میشێل سێر،کە گرنگی بە گفتووگۆ ئیپستمۆلۆژیەکان دەدا و، وتنی خۆشی لە نووسینەکانیدا لەسەر ئەزموونی فەلسەفی ڤیتگنشتێن بەئاشکرا بەرجەستەکردووە.هاوکات بەپەرۆشەوە دەڕوانێتە پێوەندی نێوان بیرکاری و فەلسەفە و گرنگی زۆریش بە حزری فەلسەفی ئەفلاتون و لۆژیک، هەروەها شیعر (یان هونەر) و بابەتی خۆشەویستی ئەڵبەتە داهاتووی بیرۆکەی کۆمۆنیزم و ئێستای سیاسەت دەدا و تاکە بیرمەندێ فەرەنسیشە دوو کتێبی لەسەر سەرۆکێکی فەرەنسی (نیکۆلا سارکۆزی)نووسیوە، کە ئەم نەریتە،نەریتی کتێب نووسین لەسەر سەرۆک کۆمار،لەناو بیرمەندە پۆست مۆدێرن و پاش بنەماخوازەکان باو نەبووە.




شوێنیەنی هێما بۆئەوەبکەین کتێبی «بوون و ڕووداو» ئالان بادیو لە ساڵی 1988 بە تیوەندی فەلسەفی فەرەنسی و ڕۆژئاوا ناساند. لەهەمان وەختدا سەرەکیترین کتێبی بادیوشە بۆ ئاشنابوون بە سیستەمی فەلسەفی ئەم بیرمەندە فەرەنسیە. ناوی کتێبەکەش لەڕووی فەلسەفییەوە زۆرجار ناوی کتێبی «بوون و کات» ەکەی هایدیگەرمان بیردەخاتەوە. بەبێگومانەوە، دوو شت زێدە گرنگە نایەت بە کتێبی «بوون و ڕووداو» هێمای بۆ بکرێت. یەکەمیان ئەوەیە بۆ ئالان بادیو بیرکاری (ماتماتیک) وانە ئۆنتۆلۆژی و ئەویدیشیان :ڕووداوە Happens نوێکان لە بوونا بە ڕووداو Event ناودەنێت». ئەم کتێبە ئاماژەشە لەسەر ئەوەی بادیو وێنی خۆی لەبارەی نەریتی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە ئەفلاتونەوە تادەگاتە دێکارت، سپینۆزا، لیبنیتز، کانت، هیگڵ ، مارکس،پاسکاڵ، هایدیگەر، نیچە و ڤیتگنشتاین و لاکان و دۆلۆز هەیە. ئەڵبەتە هەر لەوێڕاتێخوێندنەوە فەلسەفیەکانی مالارمێ و هۆڵدرلینیش بەسەردەکاتەوە. بیرمانەچێت ئالان بادیو شانبەشانی گفتوگۆ فەلسەفییەکان سەرگەرمی گفتوگۆ سیاسیەکانیشە و قسەی خۆی لەسەر کێشە هەنووکەیە سیاسیەکان هەیە و بەجۆرێکیش مامەڵەیان لەئەکدا دەکات کە لە ڕەوتی گفتوگۆی باوەوە دوورن. ڕەخنەی

سەرمایەداری جیهانی ،لەڕێگای هێرشکردنەسەر لیبرالیزمی نوێ، دەکات ، ئایدیای کۆمۆنیزم ،لەمیانەی ڕوونکردنەوەی پێویستی بۆ کۆمۆنیزم، ستایشدەکات، گازندەی دیموکراسیەتی هاوچەرخ ،بەهۆی پووچکردنی، ڕیفۆرمیزمەوە دەکات، ڕاستی وەک بابەتی هەمیشەی فەلسەفە ،بەهۆی دروستکردنی ڕاستی سیاسیەوە، یان خوڵقاندنی ڕاستی لەناو سیاسەت، شرۆڤەدەکات، لێ گشت بۆچوونە سیاسیەکانی ناخانە دەرەوەی وێارە فەلسەفیەکەیەوە و فەلسەفە وەک دیسپلینی پشتگوێناخات. لەوەسەمەرەتر بادیو وەک ڕوناکبیری چەپ (ماوی و پۆست ماوی) دیتەگۆڕەپانی هزری

و سیاسی فەرەنسی و بەتێزە سیاسیەکانی زەمینە بۆ ژینگەی سیاسی شۆڕشگێرانە (وەک یەکێ لە شەستوهەشتیەکان) خۆشدەکات و دواتر ڕەخنەی لیبرالیزم و دیموکراسیەتی هاوچەرخی ئەورووپای دەکات. لەو دوایەشدا کاتێ نیکۆلا سارکۆزی، سەرۆک کۆماری پێشووی فەڕەنسا، پەچە و نیقابی ئیسلامی قەدەغەکرد، بادیو لەگەڵ چەند ڕوناکبیرێکی تری فەاەنسی دژایەتی ئەو هەڵوێستەی فەڕەنسایان کرد.

کاتێکیش ئالان بادیو قسەلەسەر بیری فەلسەفی ڤیتگینشتین دەکات، قسەکانی خۆی لەو ئێگەیشتنە فەلسەفیەدا کورتدەکاتەوە کە فەیلەسوفی ئینگلیزی نەمساوی لودفیگ ڤیتگینشتین ئەنتی فەلسەفەیە. لەمحاڵەتەدا پرسیارگەلێ بۆ خوێندنەوەکەی بادیو مانایان هەیە، کە بەشێکی ئەمانەن: ئەنتی(دژە) Anti فەلسەفە کێ یە؟بۆ ئەنتی فەلسەفە بۆ ئالان بادیو بابەتی فەلسەفیە ؟ هەروەها پێوەندی نێوان تێزی ئەنتی فەلسەفە و دۆزی فەلسەفە لە ئێستا، لە ڕۆژئاوا ،چ جۆرە سیما و خەسلەتێک بەو گفتوگۆیانە دەدەن، کە بادیو نایەت بە ئەنتی فەلسەفە لە هزری ڤیتگینشتین دەیانوورووژێنێ؟ بەپێی سیستەمی فەلسەفی ئالان بادیو بێت

ئەم هزرە ڤانە فەڕەنسییە ئەنتی ئەنتی فەلسەفەیە، واتە دژی ئەو فەیلەسوفانەیە خاوەنی ئاڕاستەی ئەنتی فەلسەفین. لێرەشەوە گفتوگۆ فەلسەفیەکانی بادیو دژ بە فەیلەسوفە ئەنتی فەلسەفە و بەوانەش قسە لە کۆتای فەلسەفە دەکەن دەستپێدەکات. وەکی تریش ئێمە باوەڕمان بەوەیە قسەکردنی بادیو لە ئەنتی فەلسەفەی ڤیتگینشتین قسەکردنیشیەتی لە دۆزی فەلسەفی کە ناشێ لێبیدەنگبیت،چونکە بیرکردنەوەی فەلسەفی ڤیتگینشتین لە نێوەندی فەلسەفی ئەنگلۆ ئەمەریکی دۆزی تایەتی بۆخۆی پێکهێناوە و کاریگەری گەورەشی لەسەر فەلسەفەی ناوبراو بە فەلسەفەی شیکردنەوەی ئەنگلۆ ئەمەریکی داناوە. هەڵەشناکەین گەر بڵێین قسەکردنی بادیو لە دیاردەی ئەنتی فەلسەفە بەگشتی و ئەمجار لە ئەنتی فەلسەفە لای ڤیتگینشتین بەتایەتی پێوەندیی زۆری بە بینینی فەلسەفیانەی بادیوەوە هەیە، تایەت بەوەی پێیدەڵێن کێشەی فەلسەفی. بەواتایەکی تر، بادیو دیاردەی بە ئەنتی فەلسەفەبوون ، هەروەها هەوڵدان بۆ کۆتایهێنان بە فەلسەفە وەک کێشە دەبینێ و لەداکۆکیشدایە لە واتای فەلسەفە و ئەرکەکانی ئەو واتایە.

هەرچی تایەتە بەو کتێبەی نیازمانە لەم ئالان بادیو لە کتێبی « ئێتیک: سەروتار لەمەڕ تێگەیشتنی خراپە»(2)، بۆئەوەی فەلسەفەی ئێتیکی (ڕەوشتی) نوێ، فەلسەفەی ئێتیکی تر ، فەلسەفی ئێتیکی دژ بە فەلسەفەی ئێتیکی هاوچەرخمان پێشکەشکات ڕەخنەی

**بادیو وتنی خۆی لەبارەی نەریتی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە ئەفلاتونەوە تادەگاتە دیکارت، سپینۆزا، لێبنیتز، کانت، هیگڵ، مارکس، پاسکاڵ، هایدیگەر، نیچە و ڤیتگنشتاین و لاکان و دولۆز هەیە**

دوو جەمسەری فەلسەفەی ئێتیک، کە سیحری خۆی لەناو فەلسەفەی ئێتیکی هاوچەرخدا هەیە، دەکات. یەکێکیان فەلسەفەی ئێتیکی گەردوونــاوی کانتە و ئەویتر فەلسەفەی ئێتیکی ئەویترگەری لێڤیناس Levinasە. «ئەم دوو ئێتیکەش، بادیو وتەنی، کە سەرچاوەیان لە ئیۆلۆژییەوە هەڵگرتووە» پێویستە ڕەتکرێنەوە. کەوایێت، بادیو لەڕێگای ئەم کتێبەیەوە، « ئێتیک: سەروتار لەمەڕ تێگەیشتنی خراپە»، کار لەسەر «گۆڕینی تیۆری ئێتیکی هاوچەرخ دەکات» و تێگەیشتنە جیاوازەکان بۆ ئێتیک ڕافەدەکات و ، ئەمەو جگەلەوەی «ڕەخنەی ئێتیکی سەردەم دەکات و بە ئێتیکی هیچگەراشی ناودەبات» کار بۆ هێرشکردنە سەر «هزری ئێتیکی هاوچەرخی ڕۆژئاواش دەکات». جا بەپێی تێزی فەلسەفی بادیو بێت لەم کتێبە ئێتیکیەیدا پێویستە «داکۆکی لە ڕاستییە تایبەتەکان بکرێت». واتە ئەو ئێتیکە مەرجە پەرەپێیدرێت کە دژ بە تیرۆر، خیانەت و کەتاسترۆڤ دەوەستێتەوە، هەروەها کارلەسەر ڕوونکردنەوەی ئەوەشدەکات کە تاک ئێتیکی بوونی نییە، بەڵکو ئێتیک فرەیە، بۆیە کاتێ بادیو باس لە ئێتیکەکان دەکات هەروەک ئەوەوایە باس لە ڕاستیەکان بکات. لەم دۆخەدا ئێتیکەکان هەروەک ڕاستیەکان کۆن، زۆرن و فرەن. هەربۆیشە دۆکترینی سەرەکی ئەم کتێبە ئەوەیە کە «ئێتیک بریتیە لە ئێتیکی ڕاستی». تێ بادیو ئەمە بە کۆ ناوزەددەکات و دەیکات بە «ئێتیکی ڕاستیەکان».

پێویستە هەر لەم سەرەتایەوە ئاماژە بەوەشبکەین، لە هزری فەلسەفی بادیو دا«ئێتیک بەشێوەیکی گشتی بوونی نییە ئەوەی بوونی هەیە درۆزە»، هەروەها «لای بادیو ئێتیک سێ ناوی هەیە: تیرۆر، خیانەت و کاتەسترۆڤ (بەلا)». ئەمەش بەو مانایەدێت «ئێتیک بەگشتی بوونی نییە، ئەوەی هەیە ئێتیکی خۆشەویستی، سیاسەت، بیرکاری و شیعرە». ئەمەش واتە «یەک ئێتیک بوونی نییە، بەڵکو ئێتیکەکان بوونیان هەیە». بەواتایەکیتر، بادیو ئێتیک لە دۆز بریتیدەکات ، لەتێیەتە دۆزیش لەژێرسایەی ئێتیکەکاندا (خۆشەویستی، زانست یان بیرکاری، سیاسەت و شیعر) پێکدێت.

لەهەمانکاتدا و هەروەک بەشێک لە سیستەمی فەلسەفی بادیو لەم کتێبەدا ڕاستی، ڕووداو،

خود ، دڵسۆزی و دۆز گرنگی خۆی هەیە، شوێنی باسە، گرێدانەوەی ئێتیک بە «دۆز»ەوە، یەکێکە لە دۆکترینە هەرە بەرچاوەکانی بادیو، بەمجۆرە و بەپێی سیستەمی بیرکردنەوەی فەلسەفی بادیو بێت «دۆز بەهۆی ڕووداوەوە شوێن بەخۆیدەگرێت، بەس ئەم ڕووداوە دووبارە و سواو نییە، ڕووداو ئەو ڕووداوەیە تازە و نادووبارەبێت، لێرە وەفاداری(دڵسۆزی) بۆ ئەم ڕووداوەی شوێنی بەخۆیگرتووە، پێویستە ئامادەبێت». ئەمەش نیشانەیە لەسەرئەوەی بەپێی هزری بادیو ئێتیک بە واتای وەفادارییەوە (ڕاستگۆییەوە) گرێدراوە، کەوابێت وەفاداری بۆ ڕووداو گرنگی خۆی لە تیۆری ئێتیکی بادیو دا هەیە، لێ ئەو وەفادارییە لەمیانەی وەفاداری بۆ ڕاستی دەبێت لە دۆزدا نەک شتێکی تر، هەرچیش بە خودی ناو ڕووداوەوە تایبەتە ئەوەیە «خودی ئەبستراکت بوونی نییە ئەوی بوونی هەیە، خودی تایبەتە، ئەمەش لەئاکامی وەفاداری بۆ ڕووداوەوە دەخوڵقێت». «ئەم خودەی بادیو باسیدەکات خودی دەروونی نییە». ئەمەو بادیو پێشیوایە خودی ئێتیکی سینگولار بوونی نییە، چونکە دۆزی مرۆیی تاک بوونی نییە، ئەمەش وادەکات ئێتیک بە گشتی بوونی نەبێت ، بەڵکو چەند ئێتیکێک هەبێت. لێرە بادیو پشتگیری لە قادگەری دەکات بەرامبەر بە سینگولاریتی.

دیارە بەدی (خراپە) بەشێکە لە تیماکانی فەلسەفەی کلاسیک و هاوچەرخ و گەڕانەوەی بادیوش بۆسەر ئێتیکی بەدی ،هەوڵێکە بۆ دادوەریکردن بەسەر ئەم فەلسەفەیەوە کە چۆن ڕەفتاری لەتەک ئێتیکی بەدیدا کردووە، بۆیە ئەو ئێتیکە میتافیزیکی، هەروەها لیبراڵ سەرمایەدارەی بەسەر تێگەیشتنی بەدییەوە ڕاڵە پوچدەکات و تاوەڕۆکی بێ سووددەکات، بۆیە لە فەلسەفەی ئێتیکی بادیودا باشە مانای خۆی هەیە بەس بادیو وەک هەڵوێستێک دژ بە فەلسەفەی ئێتیکی هاوچەرخ دەیەوێت باشە ڕوونکاتەوە و تێگەیشتنیش لەسەر ئەو شتەی خراپە بدات، واتە شیکردنەوەی ئەو خراپەیەی باشە ڕووندەکاتەوە، کەوابێت لەدیدی بادیودا «خراپە بوونی هەیە، لێ خراپەی ڕادیکال بەبۆچوونی بادیو بوونی نییە»، بۆیە «بادیو ڕەتیدەکاتەوە هولوکۆست خراپەی ڕادیکال بێت».

بەپێی ئەم بەرهەمەی بادیو «واتای نۆرمەتیڤی مافی مرۆڤ لەڕووی مۆراڵییەوە ئیغلاسیکردووە»، هەروەها ئەو تێگەیشتنەی ئەمڕۆ بۆ ئێتیک هەیە ڕیشەکەی بۆ کانت دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ ئەو تێگەیشتنە ڕووکەشەش کە بۆ بەدی هەیە، هەربۆیشە مافی گەردوونای مرۆڤ دەخاتە ژێر پرسیارەوە، هەروەها ئەو تێزەش کە ساڵانی پێش نووسینی کتێبەکەی تایبەت بە مەرگی مرۆڤ لەئارادابووە، جا ئەو تێزەی بادیو لەم کتێبەیدا بایەخی پێسنووری پێدەدات ئەوەیە کە ئێتیکی ڕاستی دژ بە ئێتیکی ئەویتر The otherی لێڤیناس و ئێتیکی گەردوونای کانت بەکاردەبات. ئێتیکی مافی مرۆڤ بەبۆچونی بادیو لەسەر بناغەی کانت دامەزراوە، کە ناشێ قیووڵکرێت، هەروەها «بادیو لێدەگەڕێ ئێتیکی هاوچەرخ بە ئەویترگەرییەوە سەرقاڵبێت»، بۆیە ڕەخنەی توندی فەلسەفەی ئێتیکی لێڤیناس دەکات کە فووڕساینێ زۆر لەسەر ئەویتر دادەنێت و ڕەخنەی ئەو بیرمەندانەش دەکات ، بەتایبەت دێریدا ، کە لەژێرکاریگەری لێڤیناسدا بوونە، هەربۆیشە بادیو بۆ ڕەنکردنەوەی ئێتیکی لێڤیناس داوادەکات بۆ هەمان The same ئەک بۆ ئەویتر بگەڕێنەوە، چونکە چەمکی ئەویتر بۆ بادیو چەمکی ئێتیکی نییە.

لە کۆتاییشدا دەشێ ئاماژە بەوەبکەین، کە لەڕێگای ئەم نووسینەوە بادیو «ڕەخنەی فەلسەفەی پۆست مۆدێرن و مولتیکولتوالیزم وەک بەرهەمی ئێتیکی جیاوازی دەکات»، ئەمەو «ڕەخنەی ئێتیکی بیۆ ئێتیک، ئێتیکی جیاوازی سێکسی و ئێتیکی ئەویترگەریش دەکات»، هەروەها «ڕەخنەی گەڕانەوەی لیوتار بۆ ئێتیکی کانت و جڤات لای ژان لۆک نانسی J. J. Nancy و دەستدرێژییەکانی نانۆش دەکات». بادیو لە توێژینەوەکەیدا ڕەخنەی ئیدیۆلۆژیای مافی مرۆڤ دەکات و پێیوایە لەسەر بناغەی مافی سرووشتی خۆیبونیادناوە. ئەڵبەتە ڕەخنەی ئێتیکی جەنگی سارد و ناتۆ و جەنگ دژ بە تیرۆریزمیش دەکات و پێیشیوایە «سیاسەتی هاوچەرخ لە خزمەتی سەرمایەداریدایە».

**سەرچاوەکان :**

1. Umberto Eco. Fyra moraliska betraktelser. Översättning avAnna Smedberg . Förlaget Bromberg. 1999.

2. Alain Badiou. Ethics: An Essay on the Understanding of Evil. Translated by Peter Hallward. Verso. 2002